ئاسایشی ئێران دەستگیرکردنی سیخوڕێکی ئیسرائیلی ڕاگەیاند

وەزارەتی ئاسایشی ئێران ڕۆژی چوارشەممە دەستگیرکردنی سیخوڕێکی ڕاگەیاند کە بە ماوەیەک لە پارێزگای ئەردەبیل لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران بەدوایدا دەگەڕان.

ئاژانسی هەواڵی کەماری ئیسلامی (IRNA) ڕایگەیاند، "ئەو سیخوڕە لە ڕێگەی تەکنیکی کەمەرایەتیەوە لە پێوەندیدا بووە لەگەڵ سەرکردە باڵاکانی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل (مەساد) و چالاک بووە بە بیانووی (ڕۆژنامەنووس بە کەکردنەوەی زانیاری و گواستنەوەی بە مەساد".

ئەوەش ئاشکرا کراوە: "ئەو سیخوڕە لەلایەن وەزارەتی ئاسایشەوە بەدوایدا گەڕاوەو لەنێوان چەندین پارێزگادا گواستراوەتەوە بە ئەوەی خەی بشارەتەوە و بەم شێوەیە وەاتەکە جبهەت، بەڵام کاتێک گەیشتەتە پارێزگای ئەردەبیل لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراوە".

ئاژانسی حکومەتی ئێران ڕاشیگەیاندووە، بە دەستگیرکردنی ئەو سیخوڕە، کە دانیشتووی یەکێک لە پارێزگاکانی باشووری ئێران، هەژمارە ئەلیکترۆنییەکەی و زانیاریە پێوەندیدارەکانی لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلەوە سەاونەتەوە.